# ئەمریکا

سەردار عەزیز

لە سەر ئەم ئەستێرەیە وولاتێک هەیە کە دەسەلات و توانای ئەگاتە ئەودیو ئەم ئەستێرەیە. ئەم وولاتە لە چەندین رووەوە تاقانەیە: تاقانەیە لە رووی مێژووەوە، لە رووی دەسەلاتەوە، لە رووی پێکهاتەی ئیتنیکەوە، لە رووی چۆنێتی ژیانەوە و لە چەندین رووی ترەوە. وولاتێکە بەرهەمی بیرۆکەی مرۆڤە، هەر لە سەرەتایەوە ئەو ئەرکەی خستوەتە سەرشانی کە رابەری مرۆڤایەتی بێت. تۆماس جیفرسون دەلێ؛ من دلنیام هیچ دەستورێ هێندەی ئەم دەستورەی ئێمە، وەها بە ووردوو درشتی نەنوسراوە بۆ ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز. ئەمریکا شۆرشی خۆی هەیە، دونیابینی خۆی هەیە، خەونی خۆی هەیە؛ هەریەکە لەمانە دەکرێ بکرێنە بابەتی چەندین لێکۆلینەوەی دوورودرێژ. لە دەرئەنجامی ئەمانە؛  شێوازی تایبەتی سیاسەتکردن هاتە ئاراوە: زانستی سیاسی مۆدێرن؛ بەرهەمێکی ئەمریکیە، کە بۆخۆی پچرانێکی گەورەیە لە گەل شێوازی کلاسیکدا.

شێوازی تایبەت لە بواری ئابوریدا؛ بازاری ئازاد چەمکێکە، لەم دوایانەدا خزاوەتە ناو خیتابی سیاسی ئێمەوە، بەلام تا ئێستا چەمکێکی بیرلێنەکراوەیە. ئەمانە لەگەل خۆیاندا شێوازێکی نوێیان لە رووی دەربرینەوە لە گەل خۆیاندا هێناوە، کە بەلای جیل دۆلۆزەوە بالادەستترە لە شێوازی ئەوروپی؛ شێوازی ئەوروپی ئەدەب بەدوای رەسەنیەت و رابووردودا ئەگەرێ کە دۆلۆز بە داری ئەچوێنێ، بەلام ئەدەبی ئەمریکی خەمی ئەوانە ناخوات بۆیە دۆلۆز وەک گیا بیری لێئەکاتەوە.
ئەم وولاتە دوو چەمکی دژ بەیەکی ئاوێزانی یەکتری کردوە ئەویش چەمکی سادەیی و ئالۆزیە. چەندێک لەرووی کۆمەلایەتی و پێکهاتەوە ئالۆزە هێندە لەرووی تەعبیر لەخۆکردنەوە، لە رووی زمانی سیاسەتەوە سادەیە. ئەم سادەییە رەگی قولی هەیە لە شێوازی ژیانی ئەمریکیا. ئەمریکا لە سەربیرۆکەی، ژیانێکی باشتر و دەرفەت بۆ هەموان دروستبووە. بۆ ئەوەی هەردەم بروات بەو بیرۆکەیە بمێنێت پێویستە هەردەم بە گەشبینی بمێنیتەوە. ئەمەیە خەونی ئەمریکی، ئەو خەونەی کە خۆی بۆخۆی جگە لە خەونێک هیچی تر نیە. بەلام ئەم گەشبینیە، دۆخێکی وەهای خولقاندوە کە رەشبینی تا ئاستێکی زۆریش رەخنەگرتن لە خیتابی سیاسی ئەمریکیا جێگای نەبێتەوە. زۆر بە ئاشکرا ئەبینرێت رەخنەگرانی سیاسەت و دەسەلات لە ئەمریکا خەلکانێکی گۆشەگیرن یان راستتر لەلایەن میدیاوە بە گشت جۆرێ گۆشەگیرکراون. ئەوە نیە تەنها دەسەلات لە رەخنە و تێروانینی رەشبینانە بێزاربێت بەلکو خەلکی سادەش بێزارن هەندێ جاربگرە زیاتریش. رەخنە دەبێتە هۆی پرسیارکردن لە ماهیەتی شتەکان یان بروا لە دەستدان یان بەلای کەمەوە کەمکردنەوەی گوروتین. بەلام بەشێکی سەرەکی بەدیهێنانی خەونی ئەمریکی کارکردنی زۆر و بەردەوامە، کە رەگی قولی لە تێروانینی پرۆتستانتانەدا هەیە بۆ دونیا. ئەم زمانە سادەیە کە لەدەرئەنجامی ئەم بارودۆخە کۆمەلایەتیە هاتوەتە ئاراوە، بێتواناو دەستەپاچەیە لە رووی لێکدانەوەی دونیا بۆیە هەردەم لە خیتابێکی ئاینیەوە نزیکە تا پۆلەتیک. ئەمریکا وولاتێکی تا بلێی ئاینیە، تا ئێستاش چل لەسەدی خەلکەکەی بە بەردەوامی دەرۆن بۆ کلێسا، کە بەراورد بە وولاتانی ئەوروپا رێژەیەکی خەیالیە، لە بەریتانیا تەنها دوو لە سەدی خەلک بە بەردەوامی روودەکەنە کلێسا. ئاین لەم چەند دەیەی دوایەدا بە شێوەیەکی بەهێزو سەیر گەراوەتەوە نێو ژیان و سیاسەتی ئەمریکیەوە. بە جۆرێک خیتابەکانی سەرۆکی ئێستای ئەمریکا جۆرج بوش پریەتی لە ئاماژەکردن بۆ خوا و ئینجیل. دەتوانرێ بوترێ، ئاین تەنها شتە لە ژیانی بوشدا کە لێی دلنیایە، ئەو دەلێ: پێویستم بە کەس نیە بۆ ئەوەی پێم بلێ بروا بەچی بێنم، بەلام پێویستم بە کەسێکە بۆ ئەوەی پێم بلێ کۆسۆڤۆ لە کوێیە. بەلام لە هەمانکاتدا ئەمریکایەکی جیاواز بەرێوەیە: ئەمریکای ئەوانەی کە تەمەنیان لە خوار سی سالیەوەیە. ئەم نەوەیە خوا ئامادەییەکی زۆر لاوازی هەیە لە ژیانیاندا. بەلام بە زۆری قسە لەسەر نەکراون چونکە پێچەوانەی ئەو وێنەیەن کە ئەمریکا حەزئەکات بۆ خۆی دارێژێ. دارشتنی وێنە بەشێکی گەورەیە لە تێروانینی ئەمریکا بۆ دونیا، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە. ئەم تێگەیشتنە تایبەتمەندیەکی بەخشیوەتە ئەمریکا، تایبەتمەندیەک کە ئەمریکا بۆخۆی لە خەیال ئەچێت. ژان بۆدلێیارد کتێبێکی دەربارەی سەفەرێکی بۆ ئەمریکا نوسیوە؛ ئەمریکای سەردەمی رۆنالد رێگن، کە لە زۆر روویەوە لەم سەردەمەی بۆش ئەچێ؛ وەک چۆن ئێستا لەم ئیدارەیەدا، ئەدمنیستریشن، پرۆتستانتە توندرەوەکان و پارێزەرەنوێکان رۆلی هەرەگەورە ئەگێرن لە دارشتنی سیاسەتی ئەمریکیا، سەردەمی رێگنیش بە هەمان شێوەبوو. بۆدلێیارد ئەلێ بۆ ئەوەی لە چۆنێتی ژیان و پێکهاتەی کۆمەلگای ئەمریکی بگەی لە گشت رووبەکەوە ئەوا دەبێ لە سینەماکانەوە دەستپێبکەی، چونکە لە ئەمریکا، وەک چۆن ئەگەر لە ئیتالیا یان هۆلەندا کاتێ لە مۆزەخانەیە دێتە دەرەوە وا هەست ئەکەیت کە شارەکە لە مۆزەخانەکە هاتوەتە دەرەوە نەک بە پێچەوانەوە، ئەوا لە ئەمریکاش وا هەست ئەکەیت کە شارەکان لە سینەماکان هاتونەتە دەرەوە. هەر ئەمەشە وەهای کردوە کە ئەکتەرو سینەما کارەکان دوا ئەفسانەی مۆدێرنە بن. لێرەوە رۆلی ناسراوبوون دێت. ئارەزوییەکی شێتانە هەیە لە هەموو ئەمریکیەکا بۆ ئەوەی ناسراو بێت. ناسراوبوون چی دی پالەوانێتی نیە، بەلکو زۆر جار دەرئەنجامە گێلێتیە؛ پیاوێک رۆژێک ویستی سەفەرکات بۆ ئۆکلاند بەلام بە هەلە چوە فرۆکەیەکەوە کە بردی بۆ نیوزەیلاند، ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەم پیاوە ناسراوبێت و فلیمێک دەربارەی دەرکرێ. ئەم بڕوابوونەیە وای لە ئەندی

وارهۆڵ (فلیمسازو وێنەکێش) کرد بڵێ؛ لە داهاتودا هەموو ئەمریکیە بەختی ئەوەی هەیە کە لە ژیانیا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێ بەناوبانگ بێت. ئەم پرۆسەی بەناوبانگ بوونە تەنها لە ڕێگای میدیاوە ئەبێت. بۆیە میدیا تەنیا ناوەندێک نیە بۆ گواستنەوەی زانیاری بەڵکو ناوەندێکە بۆ دارێژەری راوبۆچون، وەک چۆمسکی بروای وایە.

ئەگەر ئەمرۆ ئەمریکا چەقی دونیایە و بەهاکانی بەخێرایی دەبنە بەهای جیهانی، ئەوا لە هەمانکاتدا پرسیاری زۆر دەکرێ دەربارەی ئەم رۆڵەی ئێستای ئەمریکا. زۆرن ئەوانەی کە بروایان وایە ئەمریکا لە رووی پێکهاتەوە ئەو توانایە نیە ببێتە رابەری دونیا، دواین کتێب لەم بارەوە نوسرابێت، کتێبێکە لەلایە دوو رۆژنامەنوسی ئایرلەندیەوە نوسراون؛ تۆنی کینسیلە و فینتن ئۆتول، من بۆخۆم ئۆتول لە نزیکەوە ئەناسم دووجار لە مێزگری رادیویدا دەربارەی رۆڵی ئەمریکا لە جیهاندا ئامادەبووم. ئەمان بروایان وایە وڵاتێک بۆ ئەوەی بتوانێ دونیا بەرێوەببات دەبێ لە رووی ستراکچەرەوە وڵاتێکی سینتراڵ بێت، بەو مانایە دەسەڵاتی مەرکەزی زۆرترین دەسەڵاتی هەبێت. بەڵام ئەمریکا لە پێکهاتەدا فیدراڵە. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا پۆلاک؛ قازی دادگای باڵا بریاری دا کە لە سەر وولایەتەکان نیە باج بە حکومەتی مەرکەزی بدەن، بۆیە ناچاربوون چاکسازی (ئەمێدمێنت) ژمارە شانزە بێنن بۆ ئەوەی وولایەتەکان باج بە حکومەتی مەرکەزی بدەن. دەستوری ئەمریکی دوو سەدە لەمەوپێش نوسراوەتەوە بۆ وڵاتێک کە دانیشتوانەکەی 1.8ملیون خەڵکی سپی پێست بوون، ئەو دەم پایتەختەکەی کە شاری فیلادیلفیابوو تەنها 20.000 کەسی تیا ئەژیا، هێزی سەربازیەکەشی تەنها 80 کەس بوون. کتێبێکی تر پێش ئەم کتێبە نوسرا دەربارەی بێتوانایی ئەمریکا لەلایەن ئیمانویل تۆدەوە بوو، کە لێکۆڵەرەوەیەکی فەرەنسیە، چەندەها دەقی تریش کە ئەگەر بوار هەبێ لە داهاتوودا دەگەرێینەوە سەریان.

ئەم هێزە (ئەمریکا) کاتێک کە رۆژهەڵاتی ناوەراست نەخشەکێشرا لە لایەن هێزە جیهانیەکانی ئەو سەردەمەوە بەتایبەت بەریتانیاو فەرەنسا، ئەو هێزێکی گۆشەگیربوو ئەوەندە رۆڵی نەبوو لە دارشتنی سیاسەتی دونیادا. بەڵام ئێستا بە لاوازبوونی هێزە ئەوروپیەکان، یان ئەوروپای کۆن، وەک دۆناڵدا رامسفێلد دەڵێ، ئەمریکا هێزێکی بریاردەرە لە ناوچەکەدا. لە هەمانکاتدا پلانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەی هەیە. ئەگەر ئەم هێزە خوازیاری ئەوەبێت لە جیهاندا رۆڵێکی هەبێ ئەوا دەبێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەستەباڵابێت. رۆژهەڵاتی ناوەراست هەردەم سەرزەمینی ئیمپراتۆرەکانبووە، لە کۆنترین ئیمپراتۆری دونیا کە ئیمپراتۆریەتی ئێرانیە، تا رۆژگاری ئەمرۆ. لێرەوە ئەم هێزە لە پەیوەندیدا دەبێ لە گەڵ کورددا! ئایا ئەم پەیوەندیە چۆن دەبێ؛ هینری کیسنجەر (کە تەنها ناوی کەسێک نیە بۆ سەردەمانێک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووبێت، بەڵکو ناوێکە دەلالەت لە قۆناغێکی مێژووی و شێوازێکی پەیوەندی ئەکات لە نێوان کوردو ئەمریکا. لە بەشێک لە یادەوەرەکانیا کیسنجەر چاپتەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە تەرخانکردوە، کە ئێشکردنی لە سەرئەوێ). دەڵێ پەیوەندی کوردو ئەمریکا لە لایەن ئەمریکاوە لە دوو روانگەوە بوو؛ یەکەم ئایدەلۆژی؛ کە پشت بە بەندەکانی ویلسن دەبەستی لە پشتگیریکردن لە نەتەوە بندەستەکان بۆ گەشتن بە مافی چارەی خۆنوسین. لە هەمانکاتدا ستراتیژیش بوو: لە رووی ستراتیژیەوە رۆڵی کورد بۆ ئەمریکا لاوازبوو. بە رای کیسنجەر هەردەم ئەمریکا بەدوای هاوسەنگیەکا ئەگەرا لە نێوان ئەم دوانەدا، ئایدەلۆژیەت و ستراتیژیەت، بەڵام هەردەم ستراتیژیەت زاڵ دەبی لە بەر بەرژەوەندی ئەمریکا.

ئایا ئەمرۆ جودایە، لە چ روویەکەوە جودایە. ئایا سیاسەتی کوردی لە ئاستێکایە بۆ ئەوەی بتوانێ لە گەڵ هێزێکی وەها گەورە و کۆمەڵگایەکی وەها ئاڵۆزدا بکەوێتە گفتوگۆ. ئایا تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەمریکا و پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکا لە روانگەی خۆمانەوەیە یان لە روانگەی ئەمریکیەوە، ئایا ئەتوانین لە نێوان ئەو دوانەدا هاوسەنگی پێک بهێنین. تا چەندێک ئێمە لە گەمەکانی دەسەڵات لە واشنتون شارەزاین. ئەگەر لۆبیکردن یەکێکە لە خەسڵەتە تایبەتەکانی سیاسەتی ئەمریکا، ئەوا لۆبی داکۆکیکردن لە مافی کەمە نەتەوەو ئێتنیکەکان یەکێکە لە بەهێزترین لۆبییەکان؛ لۆبی ئەرمەنیەکان، لۆبی جولەکە، لۆبی کەمبۆدیەکان لە کاتی شەری کەمبۆدیا. بەڵام لە سەردەمانی هەڵەبجەدا کاتێ پیتەر گالبریث داکۆکی لە مەسەلەی کوردئەکرد، نە کوردەکانی ئەمریکا و نە لایەنە سیاسیەکان نەیانتوانی رێکخراوێک پێک بێنن بۆ نوێنەرایەتی کورد لە پایتەختی جیهاندا. ئایا ئەمە چەندێک گۆراوە. ئەم بابەتە زۆر بە چری نوسراوە وەک پێشەکیەک بۆ قسەکردنی زیاتر (لە داهاتوودا) لە سەر ئەو چەمکانەی کە تیایدا ئاماژەیان بۆکرا.